# دادگاییکردنی د. کەماڵ سەید قادر بە یاساکانی بەعس تراژیدیایەکی نەتەوەییە

د. بورهان ا. یاسین

2005/12/25

بەر لە چەند ڕۆژێک هەواڵی حوکمی زیندانیکردنی د. کەمال سەید قادر بە 30 ساڵ لە لایەن ئەوەی پێیدەگوترێ دادگا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا. ئەم هەواڵە کاردانەوەی جۆراو جۆری لێکەوتەوە، هەر لە بە توندی شەرمەزارکردنی بڕیاری ئەو "دادگایە" و تا دەگاتە زمانی سکاڵا و "پاڕانەوە". بەر لە هەر شتێک شێوەی ڕفاندنی د. کەمال سەید قادر و مامەڵەکردنی دەسەڵاتی پارتی لەگەڵ کێشەی ئەو کەسە لە ماوەی دوو مانگدا وە دواتریش دادگاییە شانۆئامێزەکە کە بە حوکمی 30 ساڵ زیندان تەواو بوو نەک هەر بنپێکردنی مافەکانی تاکەکەسێکی کوردە بەڵکو لە ڕێگەی ئەو بنپێکردنەوەیەوە تەواوی چمکی دادپەروەری و یاسا و دەسەڵاتی سیاسی ڕەوا بنپێدەکرێ.

تراژیدیای نەتەوەیەک

سەرەتا بە بۆچوونی خۆم کێشەی د. کەماڵ سەید قادر نەک هەر تراژیدیای تاکە کەسێکی کوردە بەلکو ڕێک تراژیدیای دەسەڵاتی کوردیە و هەر لەم ڕێگەیەشەوە تراژیدیای نەتەوەیەکە. کاتێک کە تاکە کەس کارێکی نایاسایی دەکات یا بە شێوەیەک لە شێوەکان سنوورەکانی یاسا دەبەزێنێ ئەوە تەنها هەڵەی ئەو تاکە کەسەیە بەڵام کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی ڕێزی یاسا دەشکێنێ و بە ناوی یاساوە ئازادی و سەروەری تاکە کەس بنپێ دەکات، بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی خۆی، ئەوا لەوێوە تراژیدیای دەسەڵات و نەتەوە دەستپێدەکات.

ئێمە دەزانین گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە دەیان ساڵ خەباتی کردووە، بە تایبەت لە کاتی ساڵانی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس، نابێ ئەو خەباتە بە عەقلیەتی کودەتاکاری هەر دژی چەند کەسانێک بووبێ کە لە سەری حوکم و سیستەمی بەعس بوون، بەڵکو ڕێک دەبێ ئەو خەباتە دژی ئایدۆلۆژیای ئەو دەسەڵاتە و ئەو سیاسەت و یاسایانەی کە لەم ئایدیۆلۆژیایە کەوتونەتەوە بووبێ. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، حوکمدان لەسەر د.کەماڵ بە 30 ساڵ زیندانی لە ڕێگەی پیادەکردنی یاساکانی بەعس و بە زیادیشەوە، بە توندی میسداقیەتی تەواوی ئەو خەباتە، بە تایبەتی لە ڕووە مۆڕالیەکەیەوە، دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەم حوکمە درووشمە سیاسیەکانی جولانەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لەو پارچەی کوردستان بە جددی دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە: لە کاتێکدا دەسەڵاتی پارتی، بە تایبەتی کەسی یەکەم لەم دەسەڵاتەدا، بەڕێز مەسعود بارزانی، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ئاڵای بەعس بەرزناکەنەوە لە کوردستان کەچی لە هەمان

کاتتدا بە ئەمانەتەوە یاساکانی بەعس پیادەدەکەن، ئەو یاسایانەی کە کاتی خۆی ڕژێمی سەددام دایناوون بۆ تۆقاندن و داپڵۆسین و سەقامگیرکردنی دەولەت و حوکمی پۆلیس.

دەکرێ ئێمە پرسیار بکەین: ئایا چەند دانە ئیسرائیلی هەن کە تەنها تەسەوور بکەن کە لە وڵاتەکەیان بۆ حوکمدانی تاکێکی ئیسرائیلی پشت ببەسترێ بە یاساکانی ئەڵمانیای نازی؟ من باوەڕ ناکەم هیچ تاکێکی جوو یا ئیسرائیلی ڕێگە بە خۆی بدات کە قەبوول بکات ئەم کارە بکرێ بەڵکو ڕێگە بە خۆی نادات لە تەسەووریشیدا شتێکی ئەوها ڕوو بدات! بە باوەڕی من ئا لێرەدایە تراژێدیای کورد و دەسەڵاتەکەی. هەر کوردێک بۆی هەیە پرسیار بکات ئایا گەر دوای ساڵەها لە خەباتێکی پڕ لە تراژیدیا و قوربانی دژ بە ڕژێمی بەعس و دوای 13 ساڵ لە دەسەڵاتی خۆیی (کوردی) لە باشووری کوردستان بە ئەمانەتەوە "یاسا" نایاساییەکانی بەعس پیادەبکرێن. جا پرسیار ئەوەیە، ئەم هەموو خەبات و قوربانیە دژی ئایدیۆلۆژیا و یاساکانی ڕژێمی بەعس نەبووبێ لە پێناو چیدا بووە؟ دیارە لێرەوە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە دەسەڵاتی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کراوە و یاسایە و دەسەڵاتی نەتەوەیەکە کە ساڵەهای ساڵە خەبات بۆ ئازادی دەکات، لە کاتێکدا زەخیرەی مۆڕالی و یاسایی ئەو دەسەڵاتە هی زەمانی ڕژێمی بەعس بێت.

بە باوەڕی من ناکرێ تەنها لەو ئاستەدا لە چارەنووسی د. کەمال سەید قادر بڕوانرێ وەکو ئەوەی کە کێشەی بەکاربردنی چەند وشەیەکی "ناشیاو" بێت لە لایەن ئەو بەڕێزەوە بەڵکو ئەم کێشەیە ڕێک گوزارە لە کێشەی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی دەکات و لە هامان کاتیشدا کێشەی سەروەری و ئازادی هەر تاکەکەسێکی کوردە کە لە ژێر سایە و چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتە کوردیە نەتەوەییەدا دەژین. لە ڕاستیدا سەپاندنی حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەر ئەم بەڕێزەدا ئەوەمان پێدەڵی کە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان لە قەیرانێکی قوڵدا دەژیێ و ناسنامە نەتەوەییەکەشی کە بە پلەی یەکەم هی خەبات و قوربانیدان بووە بۆ ئازادی وە دواتر هی ئەزموونی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤە لە بنەڕەتتدا هەژاوە و کەوتۆتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

پارادۆکس (موفارەقە)یەکی گەورە

لە کاتێکدا بڕیاری زیندانیکردنی د. کەمال سەید قادر بە 30 ساڵ دەدرێ لە هەمان کات و ساتدا ژمارەیەکی بەرچاوی سەرانی ڕژێمی بەعس وە لەوانەش یەکێک لە هەرە شارەزایانی بەرهەمهێنهانی چەکی کۆمەڵکوژیە (بەتایبەتی ئەو چەکە ژەهراویەی کە هەڵەبجەی پێ کیمیابارانکرا) ئازاددەکرێن! ئەم بڕیارە لە دژی د. کەمال لە ژوورێکی هەرە داخراو و لە ناڕوونیەکی یاسایی و میدیاییدا دەدرێت هەر لە هەمان کاتدا سەری ڕژێمی پێشوو لە دادگایەکی کراوەدا بەو پەڕی دابینکردنی مافەکانی ئەو دکتاتۆرە و ژمارەیەک لە سەرانی ڕژێمی پێشوو دادگاییدەکرێن. نەک هەر ئەوە بەڵکو دکتاتۆر و هاوەڵەکانی لە ڕێگەی ئەو دادگایەیەوە دادگایی خەڵکی عیراق و دار و دەستەی دادگا خۆی دەکات. بە مانایەکی تر هەموو ئەو مافە یاساییانەی کە بە د. کەمال ڕەوا نابینرێن وە لێیان بێبەش دەکرێ، هەمان ئەو مافانە بە هەندێک

www.dengekan.com

زیادەیشەوە بە دیکتاتۆری عیراق و دار و دەستەی ڕژێمەکەی ڕەوا دەبینرێن. ئەمەش جارێکی تر بە ڕوونی قوڵایی و فراوانی ئەو قەیرانە مۆڕالیە دەردەخات کە ماهیەت و کەسایەتی دەسەڵاتی کوردی بە خۆیەوە دەبینێ. بە بۆچوونی من ڕێک ئەو قەیرانە دەرفەتێکی زۆر گرنگی داوە بە خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی ڕەوشەنبیران و شارەزایان و دڵسۆزان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تازە و لە هەندێ ڕەهەندی هەرە گرنگی دەسەڵاتی نەتەوەییەوە ئەم دەسەڵاتە شیبکەنەوە و هەڵیبسەنگێنن.

وشەی ئازاد و ترس

بە درێژایی مێژوو رژێمە نادیمۆکراسیەکان لە وشەی ئازاد زیاتر ترساون تا هەر شتێکی تر. ئەوە ڕێک حاڵەتی کاردانەوەی حکومەتی هەرێم (لە هەولێر) بەرامبەر بە کێشەی (د. کەمال)ە. دەڵێم ترساون، چوونکە ترس یەکێکە لە پێکهاتەکانی ماهیەتی رژێمە نادیمۆکراتەکان، لە پێکهاتەیەکی دیالێکتیکیدا بە هەردوو رووەکەیەوە: ئەو جۆرە رژێمە زۆر *دەترسێ* هەر لەبەر ئەوەش پێویستی بەوەیە کە *بترسێنێ*. هەڵسوکەتی ئەم دەسەڵاتە کوردیە لە هەمبەر کێشەی د. کەمال ریک ئەوەمان پێدەڵێ: دەسەڵاتێک کە بە لۆژیکی ترس و تۆقاندن کار دەکات و ئیدارەی کۆمەڵگە بەو لۆژیکە دەکات هەر هەمان دەسەڵاتە خۆی لە ترسی بەردەوامدا دەژیێ، بە تایبەتی لە وشەی ئازاد. بە هەر حاڵ دوور لە باسی مەنهەج و شێواز و زمانی نووسین لە لای د. کەمال سەید قادر، لە ناخەوە ئەو کەسە لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە دەسەڵات دەترێسێنێ هەر لەبەر ئەوەش دەسەڵات بەو دڵڕەقیە و دوور لە هەموو ریسایەکی یاسایی مامەڵە لە تەک کێشەی ئەو کەسەدا دەکات. بە مانایەکی تر دەسەڵات لە ریگەی ئەو حوکمە 30 ساڵەیە پەیامێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن دەنێرێ بۆ هەموو دەنگێکی ئازاد... هەر لێرەشەوە، لە ڕێگەی ئەو کێشەیەوە، دەرگای ململانێ لە نێوان دەسەڵات لە لایەک وە خواست و دەنگی ئازاد لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە سەر پشت. لێرەدا.

رووناکبیرانی کورد ئەم ململانێیە چۆن دەنرخێنن و چۆنی لێ نزیک دەبنەوە و کاردانەوەیان چۆن و چی دەبێت و بەرامبەر ئەوەش دەسەڵات چۆن لە بەردەوامی ئەو کێشەیەدا هەڵسوکەوت دەکات رەنگدانەوە و کاریگەریەکی زۆری دەبێ لە دواڕۆژی ململانێ بۆ ئازادی لە لایەک وە داپلۆسین لە لایەن دەسەڵاتەوە لە لایەکی ترەوە.

زهنیەتی دەسەڵاتی (سۆڤیەتی/داخراو)

یەکێک لە ململانێ مرۆییەکان لە مەڕ کۆمەڵگەی سیاسی و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە کۆمەڵگەوە دەربارەی ماهیەت و میکانیزمەکانی *کراوەیی* و/یا *داخراوی* کۆمەڵگە و دەسەڵاتە. کۆمەڵگە و دەسەڵاتی داخراو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بنەما کۆمەڵایەتیەکانیاندا دواکەوتوون و هی (بەر لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی مۆدێرنە) وە بەرامبەر ئەوەش کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی کراوە زیاتر هی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی مۆدێرنە.

لە باس و خواسی "کێشەی" (د. کەمال سەید قادر)دا وە لە گۆشەبینینی دەسەڵاتی کوردیەوە ئەوە جخت دەکرێتەوە کە بەڵێ کێشەی ئەو بەڕێزە نابێ ئەوها گەورە بکرێ و بگاتە ڕادەیەک کە زیان بە کێشە و ئاسایشی نەتەوەیی کورد بگەیێنێ. بە مانایەکی تر هەر چەندە لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە زۆربەی زۆری لایەنەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەگرێتەوە و باسێکی گرنگیشە بەڵام بانگەشەی ئەوەی کە گوایە باسکردن لە "عەیب" و کەموکوڕیەکانی دەسەڵاتی کوردی نابێ بگاتە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە بیانووی ئەوەی کە گوایە دەکرێ ئەم باس و خواسانە لە کاتێکی ناسکی وەک ئێستادا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەکاربهێنرێن دژی کورد خۆی ڕێک هەوڵدانە بۆ سازاندنی کۆمەڵگەیەک و دەسەڵاتێکی کوردی داخراو.

گووتاری دەسەڵات و لایەنگرانی ئەو دەسەڵاتە، کە گوایە باسکردن لە کێشەی د. کەمال و ئازادی تاکە کەس و کێشەی ئازادی (ناوەخۆ / لە ڕووی دەسەڵاتی کوردیەوە) دەخزێتە خانەی خزمەتکردن بە دوژمن، ڕێک هەوڵێکە بۆ بە داخراوی هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری. خۆ بار و دۆخی کورد بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی هەر ناسک بووە و، بە ئەگەری زۆریش، تا ماوەیەکی درێژتریش هەر وا دەمێنێتەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا کورد باس و خواس لە سەر کێشەی ئازادی و کێشە پەیوەندیدارەکان وەکو "عەیب" و نوقسانیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری تا کەی دوا بخات؟ ئایا دەکرێ ئێمە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی  کراوە و دیمۆکراسی بەرهەم بهێنین لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی داخراو و دەمی داخراو؟

بە بۆچوونی من *ترس* لەوەی کە بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کێشە و کەم و کوڕیەکانی کورد لە ناو پانتایی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیدا لە لایەن دوژمنانەوە سوودی لێ وەردەگیرێ ترسی دەسەڵاتێکی داخراوە و لە هەمان *ترس* و *داخراوی* دەوڵەتی بە سیستەم سۆڤیەتی و وڵاتانی دەور و بەر بە تایبەتی ڕژێمە داخراوە عەرەبیەکان دەچێ! ئەوەی کە بە باوەڕی من ساڵانێکی زۆرە هێزە سیاسیە کوردیەکان، لێرە و لەوێ، هەردەم لە هەوڵی ئەوە دابوونە کە خەڵکی کورد باس لە نوقسانیەکانی خۆی نەکات بە بیانووی ئەوەی دوژمنان سوودی لێوەردەگرن ڕێک دەخزێتە خزمەت بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەک و دەسەڵاتێکی داخراو. بە باوەڕی خۆم کاتی ئەوە هاتووە و هەندێکیش درەنگە کە کورد، بە تایبەتی رووناکبیران، ئەو ترسە بڕەوێننەوە و تەلەسمی ئەو لۆژیکە کە هی زهنییەتێکی داخراوە تێکبشکێنن. باسکردن لە ئازادی د. کەمال سەید قادر و هەموو کەم و کوڕیەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم پەیوەندییەدا دەرفەتێک و ئیمتیحانێکە کە بە تەیبەتی رووناکبیران بە شێوەیەکی تەندروست و بوێرانە لێی نزیک ببنەوە. چارەنووسی د. کەمال و چارەنووسی زۆر کەسی تر لە ڕابردوو و هەنووکەی ئێمەدا دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی جددی ئەویش ئەوەیە: ئایا ئێمە ڕازین ببین بە خاوەنی دەسەڵاتێکی داخراو کە دواجار ببێتە پۆلیسی کۆمەڵگەیەکی داخراو؟

ستایش بۆ د. کەمال سەید قادر کە بواری بۆ رەخساندین کە باس لە هەندێ کێشەی جددی دەسەڵاتی کوردی بکەین و پەنجەرەیەکیشی بۆ واڵا کردین کە لە ڕێگەیەوە ناوەوەی ئەو دەسەڵاتە ببینین.